فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان رێنمایيدا بە ڕاگرتنی گواستنەوە و تەنسيب بە ئەفسەر و کارمەندان

ئەمە چوارشەممە، سەرۆك وەزيران و فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان محەمەد شياع سودانی، رێنمايی بە وەزارەت و دامودەزگا ئەمنييەکان دەرکرد بە ڕاگرتنی گواستنەوە و تەنسيب و تەکليف و شاند و ڕاسپاردنی پێست، بە سەرجەم ئەفسەر و کارمەندان لە هەموو ئاستەکان و لە هەموو پێکهاتەکانی هێزە ئەمنييەکان.

وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان سەباح نوعمان، لە بيانناميەکدا رايگەياند: سەرۆك وەزيران و فەرماندەی گشتيی هێزە چەکدارەکان محەمەد شياع سودانی، رێنمايی بە وەزارەت و دەزگا ئەمنييەکانی کردووە، بە راگرتنی گواستنەوە و تەنسيب و تەکليف و شاند و ڕاسپاردنی پێستی بە سەرجەم ئەفسەران و کارمەندان لە هەموو ئاست و پێکهاتەکانی ناو هێزە ئەمنييەکان.

ئاماژەی بۆشکرد: ئەم ڕێنمايياندە لە فەرماندەی گشتييەوە کە دەرکراوە بە ڕوانگەی خشتەی پلەبەرزکردنەوەی داهاتووە لە مانگی تەممووزی داهاتوو، دوا تر ماوەی پێش هەبژاردنی پەرلەمانی عێراق، کە بيارە ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، بە دڵنيابوون لە جێگيربوونی پێستەکانيان و مسۆگەرکردنی مافی دڵنگدانی تايبەتيان، هەروەها بەهەی ئەو ژمارە زۆرەی داواکاری گواستنەوە لەلايەن لايەنە جياوازەکانەوە کە کاريگەری لەسەر سروشتی کارەکانی هێزە ئەمنييەکان هەيە.

نوعمان دووپاتیشیکردنەوە: ئەم هەڵکارانە لە دەرکردنی ئەم هەڵسەنگاندنەوە دەست پێدەکات تا ئاگادارکردنەوەیەکی تر جێبەجێ دەکرێن.